# ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی (١٩٤٨)ی عێراق
# لەنێو شیعری شاعیرانی کوردی باشووری کوردستاندا.

**د. بەکرشاکر عەبدوڵڵا**
**زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر**
**کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی**

پێشەکی

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی گەلی کورد بدەینەوەو بەدوای ئەو سەرچاوەو بەڵگە باوەڕ پێکراوانەدا بگەڕێین کە بوون ومانەوەو هەوڵی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی ونەتەوایەتییەکان دەردەخەن ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەمووکات داگیرکەران و دوژمنانی کورد هەوڵیانداوە گەلی کوردو خاکی کوردستان بۆمەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن , کاتێکیش باری ئابووری وسیاسی وسەربازییان لاواز دەبێت , لەگەلی کورد نزیکبوونەتەوەو هەوڵیانداوە بەشێکی کەم لە مافە ڕەواکانی بەبەڵێنی سەرکاغەز ڕازییان بکەن، بەڵام پاش ڕەوانەوەی مەترسییەکان , یان جۆرێک لە بەهێزبوونیان هاتوون پشت گوێیان خستوون و نەهامەتی وکوشتوبڕی زۆریان بەسەردا هێناون ، بەڵام میللەتی کورد بەرگەی ئەم نەهامەتی و کوشتوبڕەی گرتووەو زۆرجار بەناچاری پەنای بۆ ڕاپەڕین و خۆپیشاندان بردووە، ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨)یش یەکێکە لەو ڕاپەڕینانەی کە لەمێژووی گەلی کوردو خەڵکی کوردستاندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی خەڵکەکەدا بەجێ هێشتووەو بووەتەهۆی گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی , ڕۆڵی شاعیرانی کورد لەم ڕاپەڕینەداو ڕەنگدانەوەی لەشیعرەکانیاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە: شاعیرانی کورد وەکو توێژێکی گرنگی ئەم کۆمەڵگایە , لەگەڵ ڕووداوەکاندا بوونەو بە نووسینی شیعر هەستی خۆیان نیشانداوەو بەشدارییان تێداکردووە ، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین باس لەو شاعیرانە بکەین کە لەو سەردەمەدا ژیاون وبە شیعرو کردار بەشداری ئەم ڕووداوەیان کردووە ، هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنیشی بۆ کەمی سەرچاوەی پێویست و نەبوونی زانیاری بەردەست لەسەر ڕۆڵی شاعیرانی کوردی باشووری کوردستان لەم ڕاپەڕینەدا , پێکهاتەی باسەکەشمان دوو بەشە: لە بەشی یەکەم و تەوەری یەکەمدا : باسی بارودۆخی سیاسی عێراق و کوردستان لەپێش ڕاپەڕینەکەو لە دوای ڕاپەڕینەکەدا دەکەین , لەگەڵ ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی سەرهەڵدانیان , پاشان کاریگەری ڕاپەڕینەکە لەسەر شارەکانی کوردستان و عێراق دەخەینە ڕوو ، لەبەشی دووەمیش , باسی ئەو شاعیرانە دەکەین کە ڕۆڵیان لەم ڕاپەڕینەدا هەبووە , چ بەکردارو بەشداریکردن وەک کەسانی شۆڕشگێرو خەباتکەر , یان وەک


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شاعیری نیشتمانی و نەتەوایەتی , کە بە شیعرەکانیان یادی ئەو ڕاپەڕینەیان کردووەتەوەو خۆشیان بوونەتە ڕابەری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی میللەتەکەیان.

**بەشی یەکەم : ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی (١٩٤٨) لە عێراقدا :**

**تەوەری یەکەم : بارودۆخی سیاسی عێراق و کوردستان :**

**ا : بارودۆخی سیاسی عێراق و کوردستان لە پێش ڕاپەڕیندا :**

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرکەوتنی بەرەی دیموکراتی و ڕووخانی نازییەت , شەپۆلێکی هەڵچوونی هەست وسۆزی شۆڕشگێری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی هەموو جیهانی گرتەوەو گەلی عیراقیش بە کوردو عەرەبەوە بێبەش نەبوون لەم گۆڕانکارییەدا , ئەگەر بمانەوێت ئاوڕێک لە بارودۆخی ناوەخۆی عێراق و کوردستانی پێش سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە بدەینەوە دەبینین ((بارودۆخی سیاسی لە عێراقدا لە ئەنجامی مانەوەی ئینگلیزەکان وپاشکۆیەتی وڵات لە ڕووی ئابووری و سیاسیەوە بە بێگانەو نەبوونی ئازادییە دیموکراتیەکان، هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا چاوەڕوان نەدەکرا , کە ببێتە هۆی هێنانەدی ئامانجەکانی گەل ، بۆیە بەزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی لەلایەن تەواوی گەل و حزب و ڕێکخراوە ئاشکراو نهێنییەکان لەپێناو هێنانەدی مافەکانی گەل قۆناغێکی نوێی گرتەبەر))[قادر , ٢٠٠٥ ,٢٦٠] , گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەکی جوداو لکێنراو بەحکومەتی عیراقەوە , هەر لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانەوەو پێش ئەو ڕووداوەش کەوتبووە سەر جموجۆڵی سیاسی و دەستی بەکاری خەبات وتێکۆشانی شۆڕشگێری کردبوو , شۆڕشی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) نموونەی دیاری ئەوکاتە بوو , هەروەها سەرهەڵدان وپەیدابوونی کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی نهێنی و ئاشکرا لەئەنجامی ئەو بارودۆخەدا نموونەی وەک (تەحەڕوڕو شۆڕش و یەکێتی تێکۆشین , هەروەها ڕزگاری)کە دواتر پارتی دیموکراتی کوردی لێ پەیدابوو , هەنگاوەکانی خێراتر کرد بۆ تەقینەوەی ڕاپەڕینەکە .

لە شارەکانی تری عیراقیشدا کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی نهێنی وئاشکرا پەیدابوون , کە لە دواییدا ڕۆڵی بەرچاوی سیاسییان لەسەر شانۆی ڕووداوو بەسەرهاتەکاندا بینی و بووە هۆی گۆڕان کاری سیاسی لە ژیانی عیراقییەکاندا , بە تایبەتی دوای ئەوەی حکومەتی (تۆفیق سویدی) ڕێگای کاری ئاشکرای بەحیزبە سیاسییەکان دا , جۆرە ئازادییەکی سیاسی هاتەکایەوەو بووە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک حزب , وەک: (پارتی نیشتمانی دیموکراتی , پارتی سەربەخۆیی , حزبی یەکێتی نیشتمانی , حزبی گەل , حزبی ئازادیخوازان , حزبی گۆنگرەی نیشتمانی)[قادر , ٢٠٠٥ ,١٦٦- ١٩٣] , ئەمانە لەپاشاندا ڕۆڵی دیارو بەرچاویان لە ساحەی سیاسی عێراقیدا گێڕا .

**ب : هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە :**

لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان و ئەو بارودۆخە ناهەموارەی بەسەر گەلانی عێراقدا هات لە ترسی زیادبوونی هەستی نیشتمانی و هەڵکشانی پتری ناڕەزایی لەلایەن گەلانی عێراقەوە , حکومەتی بریتانیا هەوڵی دەدا خێراتر عێراق ببەستێتەوە بەخۆی , لەڕێگەی بەستنی پەیماننامەیەکی نوێوە , تاکو بەرژەوەندییەکانی پارێزراوتر بێت , بۆیە دەسەڵاتدارانی عێراقی هاندەدا بەم کارە بکە.

لەئەنجامی ئەو زنجیرە هەنگاوە خراپ و چەوتانەی کە حکومەتەکانی ڕۆژگاری پاشایەتیدا نای بوو((بەو ئاراستەیەی کە ببێتەهۆی بەستنەوەی عێراق بە ڕەورەوەی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانی بریتانیا))[حەمەدەمین , ٢٠١٠: ١٤٩] , هەروەها داواکردنی ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی ئەنگلۆ عێراقی کە لەساڵی (١٩٣٠)دا بەسترابوو , وایکردبوو عێراق زیاتر بە بەرژەوەندییەکانی بریتانیادا ببەسترێتەوە , ئەمە جگە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەوەی کە بەستنی پەیماننامەی پۆرتسمۆث[1] لەنێوان حکومەتی عێراق وحکومەتی بریتانیادا راپەرینەکەی خێراتر کرد , وایکرد میللەتەکە چیتر بەرگەی ئەو ڕووداوو بەسەر هاتانە نەگرێت وراپەرین بەرپا بکات[شارەزا ,١٩٩٧ , ٢] , ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەڕووی ئابوورییەوە , عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لەو کاتانەدا تووشی دارمانی ژێرخانی ئابووری ببوو .

**ج: ڕێکارەکانی بەستنی پەیماننامەو سەرهەڵدانی راپەرینەکە:**

لەپاش ئەو هەموو هاندان و پاڵەپەستۆ خستنەسەر دەسەڵاتدارانی عێراق لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە دەبینین ( (عەبدولئیلای وەسی مەلیکە بچکۆڵەکەی عێراق لە ڕۆژی ٢٩ی ئاداری١٩٤٧ وەزارەتێکی نوێی بە سەرۆکایەتی (ساڵح جەبر)[2]دامەزراند))[شارەزا ,١٩٩٧ , ٢] , ( (ئەرکی سەرەکی ئەم وەزارەتەش بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ بوو لە شوێنی پەیماننامەی١٩٣٠))[قادر , ٢٠٠٥ , ٢٦٢] , هەروەها ( (کارکردن لەسەر ڕاستکردنەوەی پەیماننامەی عێراق-بەریتانیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەردوو لا)) [حەمەدەمین ,٢٠١٠ , ١٥٠]ئەم وەزارەتە ( ( لە ڕۆژی (١٩٤٧/٥/٧)ەوە لە بەغدا دەستی بە گفتوگۆ کرد بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ , لەمانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا گفتوگۆکردن لە لەندەن درێژەی پێدرا ))[شارەزا ,١٩٩٧ , ٢] ,[الحسني ,١٩٨٢ , ١٧٦] , لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانە ( ( لە ڕۆژی ٤ی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٤٨ شاندی عێراق بە سەرۆکایەتی (ساڵح جەبر) سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەندامێتی (فاضل الجمالي) وەزیری دەرەوە , (شاكر الوادي) وەزیری بەرگری , (نوری سعید) سەرۆکی ئەنجومەنی ئەعیان , (تۆفیق سویدي) ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان پێکهاتبوون بۆ گفتوگۆی کۆتایی و مۆرکردنی پەیماننامەکە ، دوای زنجیرە دانیشتنێک لەڕۆژی ١٥ کانوونی دووەمی ١٩٤٨ پەیماننامەکە لەبەندەری (پۆرتسمۆث) لەلایەن سەرەک وەزیران (ساڵح جەبر) بە نوێنەرایەتی عێراق وسکرتێری دەوڵەتی بریتانی بۆ کاروباری دەرەوە (ئەرنست بێگن) مۆرکرا[3]))[قادر , ٢٠٠٥ ,٢٦٤] لەپاش ئەمە ( (حزبە سیاسییەکانی عێراق هەستیان بەو جموجۆڵە سیاسییەی حکومەتی (ساڵح جەبر) کرد ، چوار حزبی نیشتمانی پێشکەوتنخواز ، یەکیان گرت و لێژنەیەکی هاوکاریان پێکهێنا بۆ بەر بەرەکانی حکومەتی (ساڵح جەبر)و هەر پەیمانێکی نوێی کە لەگەڵ بەریتانیادا ببەستی))[شارەزا , ١٩٩٧ , ٢] , بەڵام پێشهاتەکان وادیاربوو هەنگاوەکان بەرەو بەستنی پەیماننامەیەک دەروات و سەر دەگرێ ، بۆیە ( (دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی مۆرکردنی پەیماننامەی (پۆرتسمۆث) لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان لە (١٦)ی هەمانمانگ ، هەموو خەڵکی عێراق بە جارێک خرۆشان و بە هەزاران خۆپیشاندەر ڕژانە سەر شەقامی شارە گەورەکان و ناڕەزایی گەل دژی ئەم پەیماننامەیە بە خێرایی تەشەنەی کردوو گەیشتە پلەی راپەرینێکی گەورە))[قادر , ٢٠٠٥ , ٢٦٢].

**د: بارودۆخی سیاسی شاری بەغدا لە ڕۆژانی راپەرینەکە:**

هەر لەسەرەتای دەستپێکی راپەرینەکەوە خەڵکی شاری بەغدا زۆر بەگەرمی تێکەڵ بە ڕووداوەکان بوون، لەیەکەمین ڕۆژداو لە (١٥)ی کانوونی دووەم , لەئەنجامی ڕاگەیاندنەکانی وەزیری دەرەوە(فاضل الجمالي) لە لەندەن بەبەستنی پەیماننامەکە , خۆپیشاندان دەستی پێکرد , سەرەتا لەلایەن قوتابیانی کۆلێژی ماف ئەنجامدرا... ئەگەرچی لە دواییدا بووە هۆی داخستنی کۆلێژەکەو هەروەها ژمارەیەک لە قوتابیان دەستگیرکران[قادر , ٢٠٠٥ ,٢٦٥] , بەڵام ئەم هەڵسوکەوتەی حکومەت بۆ ڕێ لێگرتن لە خۆپیشاندانی جەماوەر نەبووە هۆی وەستانی خۆپیشاندان ، چونکە لە ڕۆژی (١٩)ی هەمانمانگ دووبارە بە هەزاران خۆپیشاندەر دەستیان کردەوە بە خۆپیشاندان و بەدەم هاواری (بڕوخێ حکومەتی ساڵح جەبر) و(بمرێ پەیمانی پۆرتسمۆث) ڕێرەوی خۆپیشاندەران بەرەو ئەنجوومەنی نوێنەران ڕۆیشتن ,


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پاش کۆتایی هاتنی خۆپیشاندانەکەش (جەمال بابان–وەزیری ناوەخۆ) لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا کەوتە هەڕەشەکردن لەخەڵک وڕایگەیاند هەر خۆپیشاندانێکی تر ڕووبداتەوە بەشێوەیەکی توندو تیژ تر ڕێگای لێ دەگیرێت , بەڵام هەڕەشەکانی (جەمال بابان) نەبوونە هۆی ساردکردنەوەی جەماوەرەکە , چونکە ڕۆژانی دواتر واتە (٢٠و٢١) بەغدای پایتەخت خۆپیشاندانی گەورەتری بەخۆوە بینی ، لە ئەنجامی هێرشی هێزەکانی پۆلیس چوارکەس لە خۆپیشاندەران کوژران و دەیانی تریش بریندار بوون [قادر , ٢٠٠٥ , ٢٦٨]

پاش ئەم ڕووداوەش دەستەیەک لە مامۆستایانی کۆلێژی پزیشکی و ژمارەیەکی زۆری پیشەگەرەکانی شاری بەغدا بەتووندی دژی ڕەفتارەکانی پۆلیس وەستانەوەو دەستیان لەکار کێشایەوە، دوای ئەوە خۆپیشاندان نەوەستاو هەر بەردەوام بوو , لە ڕۆژانی (٢٤ و٢٥)یشدا خۆ پیشاندانی گەورە بەڕێوەچوو ، هەروەها ((لە ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەم شاندی عێراق گەیشتەوە بەغدا ، لە ئێوارەی هەمانڕۆژدا (ساڵح جەبر) لە ڕێگای ئێزگەوە بەیاننامەیێکی ئاراستەی گەلی عێراق کردو داوای کرد هێمنی بنوێنن))[قادر ,٢٠٠٥ , ٢٧٠] ئەمە تا ئەوکاتە گرنگترین ئەو ڕووداوانە بوون وایان لە حکومەتی عێراق کرد، بەپێی ڕووداوەکان هەڵسوکەوت بکات و خۆی بۆ داهاتوو ئامادە بکات

بەڵام ئەوەی لە هەموو ڕۆژانی تر جیابوو , ئەوەبوو کە ((لە بەرەبەیانی ڕۆژی١٩٤٨/١/٢٧ ڕاپەڕینێکی جەماوەری گەورە تەواوی شاری بەغدای گرتەوە ، لەنێو هێرشی جەماوەری ڕاپەڕیوو ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومەتی پاشایەتی ڕوویداو داستانێکی گەورەیان تۆمارکرد ، گەورەترین ڕووداویش لەو ڕۆژەدا شەری سەر (پردی مەئمون)[٤]بوو لەکاتی تێپەڕبوونی جەماوەری خۆپیشاندەران بە مەبەستی یەکگرتنەوەی هەردوو بەرەی (کەرخ و ڕەسافە) ڕوویدا , هەر لەو ڕۆژەدا پێکدادانێکی تر لەنێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس ڕوویدا ، ئەمەیان لەهەموو پێکدادانەکانی دی خراپتر بوو , بەپێی سەرچاوە فەرمییەکان بەڵایەنی کەم حەفتاو حەوت کەس کوژران و چەند سەد کەسێک بریندار بوون ، ژمارە ڕاستەقینەکانیش بێگومان زیاتر بوون[٥]))[قادر , ٢٠٠٥ , ٢٧١-٢٧٢] , لە بارەی تۆمارکردنی ئەم ڕووداوەش هەر لەدوای ئەمە ڕۆژنامەی (النهضة)ی شاری بەغدا بەریز ناوی بیست کەسی لەوانە بڵاوکردەوە کە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەدا شەهیدکران , هەروەها وێنەی زۆربەشیانی بڵاوکردەوە ، هی وایان تێدابوو گەلێک ناسراو بوون , وەک (جەعفەری برای شاعیری گەورەی عەرەب جەواهیری) [ئەحمەد , ٢٠٠١ , ٢٨٧]
.

شەهیدانی کوردیش لە ڕاپەڕینەکانی شاری بەغدادا ((بوون بە لاپەڕەیێکی پڕشنگداری مێژووی کوردو شانازییەکی گەورەی نەتەوەکەیان , لەوانەش شەهید (جوامێر، قادر چاوشین ، حوسێن عەلی) بوون , ژمارەیەکیش لەکوردە نیشتیمانپەروەرەکان لەڕۆژانی خەباتی گەلدا بەهۆی ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس بریندارکران , وەک (ئەحمەد وەلی ، عومەر مستەفا)[نوری , ٦, ١٩٧٨]هی تر.

ئەم ڕاپەڕینە هەر تەنها خەڵکی ناو شاری بەغدای نەگرتەوە، بەڵکو هەموو چین و توێژەکانی گەل لەشارەکانی تریش هاتبوون بۆناو خۆپیشاندان و بەشدارییان تێداکرد، کوردەکانیش لەم خۆپیشان دانانە بەشداریان کردوو ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبوو , بۆنموونە لە ڕۆژی ((١٩٤٨/١/٢١ سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کورد لەبەغداو شارەکانی تر لەگەڵ قوتابییە کوردەکانی کۆلێژو قوتابخانەو پەیمانگاکانی، دەوری دیارو بەرچاویان لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانی قوتابی وکرێکارو سەرجەم میللەت هەبوو، لەو کەسانەی کە دەوری ڕابەریان لەو ڕاپەڕینە نیشتیمانییە لەبیر ناکرێ , لە پارتی دیموکراتی کورد هەڤاڵان (عبدالکریم تۆفیق و بەکر ئیسماعیل و عومەر مستەفا (دەبابە)و ساڵح ڕوشدی و غەفور ڕەشیدو داراغاو زاهیر هەناری)و لەکادیرە بەرچاوەکانی حزبی شیوعی عێراقیش تێکۆشەری وەک (ئەنوەری


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

حەمەئاغاو ڕەسول محەمەدئەمین کەبابچی و هاشم عبدالله ئەربیللی و ئەحمەد سەید کۆیی) دەوری بەرچاویان هەبوو))[شارەزا ,١٩٩٧ , ٢].

بەهۆی ئەم ڕووداوو بەسەرهاتانەی لەم ڕۆژەدا ( (ساڵح جەبر دەستی لەکار کێشایەوە , هەرچەندە ڕەتکردنەوەی پەیماننامەکە بۆ کابینەی داهاتوو مایەوە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن بەئاشکرا گەیشتە ئامانجەکانی خۆی ,کە هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکەو رووخانی کابینەی ساڵح جەبر بوو، لە شوێنی ئەو(محەمەد سەدر) وەک نیشتیمان پەروەرێک حکومەتی پێکهێنا))[حەمەدەمین ,٢٠١٠ , ١٥٢].

**تەوەری دووەم : بارودۆخی سیاسی کوردستان لەکاتی ڕووداوەکە :**

**ا : ڕۆڵی سیاسی خەڵکی کوردستان لەکاتی ڕاپەڕینەکە :**

سەبارەت بە ڕۆڵی کورد لەو ڕاپەڕینەدا , لەناو شارو شارۆچکەکانی کوردستانیش بەهەمان شێوەی شاری بەغدا ڕۆڵی دیارو بەرچاویان لەو خۆپیشاندانانەی دژی وەزارەتەکەی (ساڵح جەبر) بەرپاکرا بینی , چونکە هەر لەسەرەتاوە زۆر بەگەرمی تێکەڵ بە ڕووداوەکان بوون , بۆ نموونە: شاری هەولێر هەر لە سەرەتای بەرپابوونی ڕاپەڕینەکەو بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەستنی پەیماننامەکە کۆمەڵێک ڕۆشنبیرو لاوی نەتەوەپەروەری شارەکە , ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان بینی , چ لەبەغدای پایتەخت و چ لەناو شارەکە , وەک دەبینین بەهەمان شێوەی شاری بەغدا لەناو شاری هەولێریش ڕۆژانە خەڵک دەرژانە سەر شەقامەکان و چەندین خۆپیشاندانیان دژی حکەمەتی (ساڵح جەبر)و پەیماننامەی (پۆرتسمۆث) ئەنجام دەدا ,جگە لەوەی کە ( (بۆئەم مەبەستە لیوای هەولێر شاندێکی نارده بەغداو پێکهاتبوون لە: (جلال تاڵەبانی، عەون یوسف، عەلی فتاح دزەیی، عەبدولخالق عەلائەدین، حەمەدەمین قادر ، مەولود ساڵح ئەمین ، جەوهەر حسین مەلا) ئەمانە بەناوی هەولێرو دەوروبەری بەشداریان لە خۆپیشاندانەکانی بەغداو دژی مۆرکردنی پەیمانی (پۆرتسمۆث) کرد))[طیب , ٢٠٠٥ , ١١٥] , هەروەها ( (کوردە نیشتمانپەروەرەکان لەشاری بەغدا جگە لە بەشداربوونیان لە خۆپیشاندانەکان هەندێکیان ڕۆڵی بەرپرسیتیان لەئەستۆ گرتبوو , وەک: عاسم حەیدەری (١٩٢١-١٩٧١) ئەندامی حزبی شیوعی بوو لێپرسراوێتی ڕێکخستنەکانی بەری (کەرخ) بوو لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا , (مەجید رەئووف) لە ڕێکخەرەکانی خۆپیشاندانەکانی (خانەی مامۆستایان-دار المعلمین العالیە)بوو , (جەودەت ئەحمەد ناجی) لێپرسراوبوو لەکۆلێژی ماف وبەرپرسی ڕێکخستنەکانی ئافرەتان بوو لە ئەعزەمییە))[رسول , ١٩٩٩ , ٢٤٥] ,[قادر , ٢٠٠٥ , ٢٧١].

هەروەها لەناو هەولێردا ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی ئەو شارە ( (بەشدارییەکی بێ وێنەیان لە دژی حکومەتی ساڵح جەبرو پەیماننامەی پۆرتسمۆث نواندو چەندین خۆپیشاندانی جەماوەرییان لەخۆ گرت , بە جۆرێک کەلە پێشوودا ڕووی نەدابوو , لەدیارترین ئەوکەسانەی لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەدا ڕۆڵی کاریگەریان بینیوەو وتارەکانیان جۆشی جەماوەریان دەدا (جەمال حەیدەری , عەلی فەتاح دزەیی , شێخ محمد (شێخەشەل)(٦) , سەمەی عالائی(٧) , خالد جەبار , جەوهەر حوسین مەلا , رەقیب حوسێن مەلا , ئەنوەر حەمەدەمین , ساڵح حەیدەری , زێوەر خەتاب , حەمید عوسمان , هاشم عەبدوڵڵا , عەونی یوسف , جەوهەر عەزیز ئاغا , ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی , فایق نادر , نافع یونس , مارف خەزنەدار , ئەنوەر فەیزی , عاسم حەیدەری , موسا سلێمان , عەزیز محەممەد , یونس یەحیا , تاهیر عەبدوڵڵا , محەمەد شەهاب دەباغ , عەبدولوەهاب حاجی حەسەن , مەلا عەولا حاجی سمایل , بیلال عەزیز , عەلی چوکل بەریە , نازم سەعید ئەسعەدی , عومەر عوسمان عەبدوڵڵا , خەلیل خۆشناو , ساڵح شێرە , مەولود شێخ محەمەد)و زۆرانی تر بوون[رەسول , ١٩٩٩ , ٢٤٣-٢٤٥] ,[فەیزی ,٢٠٠٦ , ٤٥] , ئەمانەش

لە ڕیزی حیزبی شیوعی عیراقی و پارتی دیموکراتی کورد لەو کاتیدا بەردەوامیان بە خەباتی شۆڕشگێری خۆیان دەدا , هەندێک لەو کەسایەتیانە , کە ڕۆشنبیرو شاعیر بوون بە پلەی یەکەم دێن لە هاندان و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان , چونکە ((چەندین وتارو هۆنراوەی ئاگرینی پڕ لە بیری پێشکەوتنخوازی و نەتەوەییان لەسەر ئەم ڕاپەڕینە نیشتمانییە داناو بەجۆشەوە بۆ جەماوەر دەیانخوێندەوە))[فەیزی , ٢٠٠٦ , ٣٧] , هەروەها لە شارۆچکەی کۆیەش کە لە ڕووی ئیدارییەوە سەربە هەولێر بوو , چەند خۆپیشاندانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی (( گەورەترین خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی جەماوەری لەڕۆژی ٢١ی کانوونی دووەم بوو ، کە سەرجەم چینە کۆمەڵایەتیەکان و ئاینییەکان و ڕۆشنبیران و کاسبکاران ڕژانە سەر شەقامەکانی شار))[قادر , ٢٠٠٤ , ٢٧٨] , هەروەها ئەو خوێندکارە کوردانەی لەبەغدا گەڕابوونەوە کۆیە , هانی خەڵکیان دەدا بۆ سازدانی ڕێپێوان و خۆپیشاندان، لەمەشدا ((هەردوو پارتی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەو سەردەمە (پارتی دیموکراتی کوردو حیزبی تەحەڕوڕ) ڕۆڵی بەرچاویان لەجۆشدان و سەرپەرشتیکردنی جەماوەر لەسازدانی چەندین ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکاندا هەبوو , ئەمە جگە لەوەی کە هەڵوێستی سەربەرزانەی کۆیە گەیشتە ئاستێک تاکە نوێنەری خۆی لە پەرلەمانی عێراق کە (کاکە زیاد)بوو دەستی لەکار کێشایەوە، وەک دەربڕینێکی ناڕەزایی بەرامبەر ئەم پەیمانە ناڕەوایەو پشتگیری کردنی لە جەماوەری کورد))[طیب , ٢٠٠٥ , ١١٤]

لەئەنجامی ئەم هەڵچوون و بەگژیەکدا چوونانە حکومەتی عێراق بڕیاریدا لەسەرتاسەری وڵات هێرش بکاتە سەر بەشداربووانی ئەم خۆپیشاندانانەو ژمارەیەکی زۆری لێگرتن , لەشاری کۆیەش لەو سەردەمە (سوبحی عەلی)کە قائمقامی کۆیە بوو ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی ئەم شارەی زیندانی کردوو ژمارەیەکی تری ڕەوانەی بەندیخانەکانی هەولێرو کەرکوک کرد ، هەروەها هەندێک مامۆستاو فەرمانبەری بۆ شارەکانی تری عێراق گواستەوە[طیب , ٢٠٠٥ , ١١٥] , یەکێک لەو قوتابیانەی شاری کۆیە کەلە کۆلێژی ماف لەبەغدا دەیخوێندو ڕۆڵی دیارو بەرچاوی لەم ڕاپەڕینەدا هەبوو(عومەر مستەفا)بوو , ئەویش بەهۆی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەو هێزانەی کە بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە هێنرابوونە ناوشاری بەغداو بریندداربوونی لەم ڕۆژەدا , ناوبانگی بەعومەر دەبابە) دەرکرد (( ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی(عومەر دەبابە) بوو بە شانازیەک بۆ سەرجەم گەلی کورد بە گشتی و شاری کۆیە بەتایبەتی ، بۆیە لەکاتی گەڕانەوەی بەبرینداری , لەشاری کۆیە خەڵکێکی زۆر سەردانیان کردوو دەستخۆشیان لێکرد ، ئەمەش قائیمقامی کۆیەی ناڕەحەت کردبوو ، بۆیە ئاگاداری کرد یان دەبێ کۆیە بەجێبێڵێ , یان نابێ خەڵک سەردانی بکەن ، عومەر دەبابەش بڕیاریدا بچێتە سلێمانی بۆ ئەوەی دانیشتوانی کۆیە تووشی کێشە نەبن))[ طیب , ٢٠٠٥ , ١١٤]

.

لە شاری سلێمانیش دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینی شاری بەغدا ، خۆپیشاندانەکان دەستی پێکردو قوتابیانی سانەویەی سلێمانی ڕۆڵی بەرچاویان لە تەقاندنەوەی ڕاپەڕینەکان گێڕاو جەماوەری شارەکەش زۆر بە گەرمیەوە تێکەڵی ڕووداوەکان بوون , هەرچەندە (( ئەوکاتە شاری سلێمانی هیچ هێمایەکی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکانی لێ نەبوو جگەلە (مەڵبەندی ڕۆشنبیری بەریتانی) نەبێت ، کە لە لایەن (عەلی مەلا شەریف (حەمەبۆر) بەڕێوە دەبردران ، لەڕۆژانی ڕاپەڕیندا ئەم مەڵبەندە کەوتەبەر هێرشی جەماوەرو سوتێنرا (حەمەبۆر)یش تێیدا بریندداربوو))[قادر , ٢٠٠٥, ٢٧٥] , هەروەها ( (دانیشتوانی سلێمانی لەڕۆژانی ڕاپەڕیندا بەنامەیەکی تایبەتی داخوازییەکانیان خستە بەردەم وەزارەتی (ساڵح جەبر) کە بریتی بوو لە: (دانی مافە دیموکراسیەکانی گەل، ڕێگادان بەژیانی حزبایەتی سەربەخۆ، ڕێگەدان بە دامەزراندنی سەندیکای کرێکاران و ئازادکردنی بەندە سیاسیەکانی وڵات، لابردنی پەیمانی١٩٣٠)، نێرەرانی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نامەکەش بەمجۆرە کۆتاییان پێ هێنابوو: دانیشتوانی شارەکەمان دەست لەخەباتی خۆیان هەڵناگرن تاوەکو ئەم داخوازییانە جێبەجێ دەکرێن))[قادر , ٢٠٠٥ , ٢٧٦] [ئەحمەد , ٢٠٠١ ,٣٩٢].

بەکۆتایی هاتن ونەمانی دەسەڵاتەکەی ساڵح جەبرو هەڵوەشانەوەی وەزارەتەکەی , ئەم داخوازییانەش وەکو خۆی مانەوەو جێبەجێ نەکران , سەرباری ئەوەش زۆر لە ڕۆشنبیرو چالاکوانەکانی شارەکە دەستگیرو زیندانی کران , لەوانە (گۆرانی شاعیر , کاکەی فەلاح , ئەحمەد هەردی , ئیبراهیم ئەحمەد , محەمەد عەلی مەدهۆش , محەمەد ساڵح دیلان , ساڵح هەژار , کامەران موکری) و زۆرانی تر.

لەشاری کەرکوکیش وەک هەموو شارەکانی تری کوردستان و عێراق لەژێر دروشمە نیشتمانییەکانی لیژنەی هاریکاری نیشتیمانی و دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بە پەیماننامەی (پۆرتسمۆث) ، جەماوەری شارەکە ( (لە خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەریدا لەڕۆژی٢٧ی کانوونی دووەم هێرشیان بردەسەر کونسوڵخانەی بەریتانی ودەزگاکانی کۆمپانیای نەوتیش بەپۆلیس تەنران لەلایەن حکومەتەوە ، لە ئاکامی ڕووبەڕوو بوونەوەی جەماوەرو هێزەکانی پۆلیسەوە ژمارەیەک لەخۆپیشاندەران دەستگیرکران و پاشان ئازارو ئەشکەنجەدران))[قادر , ٢٠٠٥ , ٢٧٥] , بەڵام کاریگەرترین کاروچالاکی و توونودوتیژی کە لەو ڕۆژانەداو لەناوشار ئەنجامدران ( (توونودو تیژیەکانی خۆپیشاندانەکانی گەنجان ولاوانی شاری کەرکوک هێرش بردنەسەر نوسینگەی ئیرشادی بریتانی وسووتاندنی بوو، وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕووداوەکانی بیستی کانوونی دووەمی شاری بەغدا)) [عبدالرحمن ,٢٠٠٦ , ١٥٧].

<u>**ب: بارودۆخی سیاسی شارەکانی تری کوردستان لەدوای ڕاپەڕینەکە:**</u>

بە هەڵوەشانەوەی حکومەتەکەی ساڵح جەبر ، جۆرە ئازادیەک هاتە ئاراوەو هەموو شارەکانی عێراق کەوتنە ئاهەنگێران و سازدانی بۆنەی تایبەتی , بۆ ئەم مەبەستەش گەلێک شاعیری نیشتیمان پەروەری کورد شیعرو هۆنراوەی سیاسی ئاگرینیان لەسەر ئەم ڕاپەڕینە نیشتیمانیە داناوەو بۆ جەماوەر خوێندراوەتەوەو میللەتیان پێ هێناوەتە جۆش , وەک دەبینین لەشاری بەغدا ( (لە ڕۆژی١٣ی شوبات نوێنەرانی هەولێرو کۆیە تێکرا ڕژانە سەر شەقامەکانی بەغداو دوای سەردانی گۆڕی شەهیدان لەگەڵ دانیشتوانی پایتەختدا بەشداری ناشتنی نیشتیمانپەروەری کورد (حوسێن عەلی)یان کرد , کە بەر لەوە لەیەکێک لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا بریندارکرابوو))[ئەحمەد ,٢٠٠١ ,٣٩٣], [قادر ,٢٠٠٥ ,٢٨٠].

لە شاری کەرکوک یادکردنەوەی ڕۆژی شەهیدان و بریندارانی ئەم ڕووداوە لەچلەی شەهیداندا جۆرە جۆشدانێکی تر بوو بۆ جەماوەری شارەکە ( (یادەوەری و گێڕانی چلەی ماتەمینی شەهیدانی بەغدا لە ڕۆژی پێنجی مارتی (١٩٤٨) , ئەو چلەیە لەژێر پەردەو بەنێو (میهرەجانی شیعر) گێردرا ، بەڵام بەرز ڕاگرتنی یەکجار گەورەبوو بۆ خەبات وتێکۆشانی ئەو پۆلە شەهیدە، ئەو میهرەجانە لە سینەمای عەلەمێن و بەئامادەبوونی نزیکەی سێ چوار هەزار نووسەرو ڕۆشنبیری کەرکووکی بۆ ماوەی سێ دانە ڕۆژ بەردەوام بوو، تیایدا بەعەرەبی وکوردی و تورکمانی شیعر خوێندرایەوە))[عبدالرحمن ,٢٠٠٦ , ١٥٧] لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو ئەوانەی ڕۆڵی دیارو بەرچاویان لە ڕووداوەکاندا هەبوو( (ناکرێ چالاکی وکارە پڕ بایەخ ونەترسەکانی پارێزەری لاو موکەڕەم تاڵەبانی لەبیر بکرێ , کەدەستی باڵای لەهاندان و خرۆشاندنی جەماوەرو ڕێکخستنیاندا هەبوو , هەر ئەویش بوو سینەمای عەلەمێنی بەکرێ گرت و سەرپەرشتی میهرەجانی گرتەئەستۆو وتاری کردنەوەی خوێندەوە , لەپاش سەرکەوتنی ویستی جەماوەرو دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانیش سەربەرزانە کەوتە هەوڵی بەرگری لە دەستگیرکراوەکانی ئەو ڕاپەڕینە , چونکە لە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەرکوکدا خەڵکان کەوتنەبەر گیروگازو لێپرسینەوەو دەستگیرکردن))[عبدالرحمن , ٢٠٠٦ , ١٥٩] , ئەمەش نیشانەی وەفاداری خەڵکی ئەم شارە نیشان دەدات.

**بەشی دووەم : ڕۆڵی شاعیرانی کوردی باشووری کوردستان لە ڕاپەڕینەکەدا :**

بێگومان سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەکی ئەدەبی یان ڕۆشنبیری پێویستی بەچەند پێشخانێک هەیە , کەخۆی لەباری سیاسی و نەتەوەییدا دەبینێتەوەو سەرچاوەی سەرەکیشە بۆ بەرەوپێش چوونی بزووتنەوەکان , هەندێکجاریش شۆڕشی ئەدەبی یان ڕۆشنبیری پێش شۆڕشی سیاسی و نەتەوەیی دەکەوێت و دەبێتە هۆی تەقینەوەی شۆڕشەکان[فەیزی , ٢٠٠٦ , ٩].

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان و نەمانی دکتاتۆرییەت و نازییەت , دەبینین چەندین بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیەتی جۆراوجۆر هاتەکایەوەو بیری ئازادی و سەربەخۆیی هەموو جیهانی گرتەوە , لە کوردستانیش بەهۆی نەبوونی کیانێکی سەربەخۆو ئازادو بێبەشبوونی لە بچووکترین مافە ڕەواکانی , بۆیە بەرپابوونی شۆڕش و درووستبوونی چەندین حیزب و ڕێکخراوەی نەتەوەیی و سۆشیالیستی پێویستییەکی سەردەمیانەبوو , بەتایبەتی دوای گەشەسەندنی بیری ناسیۆنالیستی , شاعیران و ڕۆشنبیرانی کوردیش بەهۆی ئەم بارودۆخەو ئەو ژینگە لەبارەی تیایدا ژیاون , کارێکی ئاساییە ئەگەر ڕابەرو سەرقافلەی ئەو جۆرە بیرو باوەڕانە بن و شیعرو نووسینەکانیان ببێتە چەکێکی کاریگەری بەهێز بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان , شاعیرانی کوردیش وەک هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەتی و عێراق بەگشتی , بەشداری و ڕۆڵی گرنگ و چالاکیان لەم ڕاپەڕینەدا هەبووەو توانیویانە کاریگەریان لەسەر خەڵکی کوردستاندا هەبێت و بەشیعرە بەهێزو ئاگرینەکانیان هانی خەڵک بدەن بۆ بێ دەنگ نەبوون لە مافەکانیان ، بۆیە لەم باسەدا هەوڵدەدەین چەند شاعیرێکی کوردی باشووری کوردستان بەسەر بکەینەوەو هەر یەکەیان بە پێی شوێن و ڕۆڵ و کاریگەرییان لە کوردستانداو لەناو ڕاپەڕینەکەدا بخەینەڕوو , کە جێپەنجەی هەر یەکێکیان لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا لە کاتی ڕاپەڕینەکەو لەدوایشدا زۆر بەزەقی دیارە , گرنگترینیشیان , لەشاری سلێمانی:[ پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) ، ڕەمزی مەلا مارف (١٩٠٢-١٩٧٦) , گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) ، بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨) , بەختیار زێوەر (١٩٠٨- ١٩٥٢) , ئەبوبەکر هەوری (١٩١٢-١٩٧٩) , محەمەد عەلی مەدهۆش (١٩١٩-١٩٩٤) , ئەحمەد هەردی (١٩٢٢- ٢٠٠٦)، محەمەد ساڵح دیلان (١٩٢٧-١٩٩٠) , کاکەی فەللاح (١٩٢٨- ١٩٩٠) , ساڵح هەژار (١٩٢٨- ١٩٨٣) , کامەران موکری (١٩٢٩-١٩٨٦)]و زۆرانی تربوون , لە شاری هەولێرو کۆیێش:[زەکی هەناری (١٩٠٩- ١٩٦٧) , سامی عەوداڵ (١٩١٠- ١٩٨٥) , ڕۆستەم حەوێزی (١٩١٣- ١٩٩٩) , عوسمان عەونی (١٩١٤-١٩٩٢) , ئیبراهیم هوشیار (١٩١٦- ١٩٩٤) , ڕەئووف دڵدار (١٩١٨-١٩٤٨) , شێخ ئەنوەری بەرزنجی (١٩١٩-٢٠٠٦) , ئەحمەد دڵزار (١٩٢٠- ؟) , محەمەد تۆفیق وردی (١٩٢٣- ١٩٧٥) , کەریم شارەزا (١٩٢٨-٢٠١٠) , عوسمان مستەفا خۆشناو (١٩٢٦- ؟) , عەلی فەتاح دزەیی (١٩٢٨- ١٩٩٢)] و زۆرانی تربوون .

بێگومان لەم سەردەمەدا هەر تەنیا شاعیرانی کورد نەبوون , کە شیعریان بۆ ئەم موناسەبەتە داناوە , بەڵکو (( کۆمەڵێک شاعیری عەرەبیش بەشدارییان لەم ڕاپەڕینەدا کردووەو شیعری بەرزو کاریگەریان داناوە , لەوانە: شاعیری مەزنی عەرەب [محەمەد مەهدی جەواهیری (١٨٩٩-١٩٩٧) ، محەمەد ساڵح بەحرلعلوم ( ١٩٢٢-١٩٩٧) ,مستەفا جەمالەدین (١٩٢٦-١٩٩٥) ، بەدر شاکر ئەلسەیاب (١٩٢٦-١٩٥٤) ، عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی (١٩٢٦-١٩٩٩)] و زۆرانی تر , کە بە شیعرەکانیان دەورێکی کاریگەریان هەبوو لە جۆشدانی میللەت و ڕاپەڕاندندا))[شارەزا ,١٩٩٩ , ٢] ,


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەم باسەماندا , هەوڵ دەدەین تەنها چەند شاعیرێک بەنموونە بهێنینەوە , کە نموونەی بەرزو دیاری شاعیرانی کوردن و لەنێو شیعرەکانیاندا ڕەنگدانەی ئەم ڕاپەڕینەیان زۆر بەزەقی بەسەرەوە دیارە , بۆ نموونە:

**1: پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠):**

یەکێک لە شاعیرە هەرە گەورەو دیارەکانی ئەو سەردەمە , کە شیعری بۆ ئەم ڕاپەڕینە داناوەو لە ناو جەماوەری گەلی کورددا ناوبانگی دەرکردووە , پیرەمێردی شاعیرە , پیرەمێرد بە دوو شیعر ئەم ڕاپەڕینەی بەسەرکردۆتەوەو تیایدا ڕۆڵی خۆی وەک شاعیرێک ودڵسۆزی میللەتەکەی پیشانداوەو تیایدا یادی ئەم ڕاپەڕینەی کردووەتەوە , شیعری یەکەمی کە بەناوی (من سەرم شینەو بەرگم پەڵاسە)یە , سەرەتا شاعیر بەم شیعرە یادی ڕاپەڕینەکەی کردووەتەوەو هەوڵیداوە لەیادی نەورۆزی (١٩٤٨)دا , کە دوومانگ تێپەر نەبووە بەسەر ڕووداوەکە , هاتووە ئەم شیعرەی داناوەو بەم جۆرە دەستپێ دەکات :

**ئەو جەژنەی میللەت تێیدا کەساسە — من سەرم شینەو بەرگم پەڵاسە**

**مەر سەر برینە ، قۆچی قوربانە — قوربانی ئێمە , کچ و کورمانە**

**با ، گرتن ، تەمی ترسم لێ لابا — بریندار نەبێ ، شێر هەڵمەت نابا**

**کورگەل ، بەگاڵتە ، بڵێن بەدوژمن — کەوتن بۆ ئەوەو سەرکەوتن بۆ من**

**قوربانی ئێمە زۆر پەسەندترە — هی حاجی مەڕە، ئێمە، کچ، کوڕە[ ئاشنا ,٢٠٠١ , ١٥١]**

هۆی دانانی ئەم شیعرەش لەسەر داوای هەندێ لە گەنجانی شاری سلێمانی بووە , بۆ بەشداریکردن لەئاهەنگی جەژنی نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨) , ئەم شیعرە ئەگەرچی بۆئەم موناسەبەیە نووسراوەو دانراوە بەڵام جێگەی خۆی لەناو یادەکە نەگرتووە , هەروەکو شاعیر محەمەد ساڵح دیلان بۆ نووسەری دیوانی پیرەمێرد کاک (ئومێد ئاشنا)ی گێراوەتەوەو دەڵێت ( (ساڵی١٩٤٨ داوای شیعرێکی لە پیرەمێرد کردووە بۆ نەورۆزی ئەو ساڵە، پیرەمێردیش ئەو شعرەی بۆناردوون، بەڵام مامۆستا دیلان بەدڵی نەبووە بیکات بە سرودو ئاوازی بۆ دابنێت ، بۆیە لەدواییدا پیرەمێرد شیعرە بەناوبانگەکەی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە)ی بۆ ناردووەو ئەویش بۆ یەکەمجار بەدەنگی دیلان ساڵی (١٩٤٨)بوو بەم سرووده[ئاشنا ,٢٠٠١ , ١٥٢] ,بۆیە لەپاشاندا پیرەمێرد بەشیعری (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە)(8)یادی ئەم ڕاپەڕینەی کردۆتەوە , وەک دەڵێت : **ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە ، نەورۆزە هاتەوە**

**چەژنێکی کۆنی کوردە ، بەخۆشی و بەهاتەوە**

**چەند ساڵ ، گوڵی هیوای ئێمە , پێ پەست بوو , تاکو پار**

**هەر خوێنی لاوەکان بوو ، گوڵی ئاڵی نەو بەهار [ئاشنا , ٢٠٠١ , ١٥٢]**

شاعیر لەم دوو دێرەدا زۆر بەئاشکرا ئاماژە بۆ ڕاپەڕینەکە دەکات کە مەبەستی ساڵی پارە , واتە تائەو کات کورد بێئومێدو بێ هیوا بوون لەژیانیاندا , بەڵام بەهۆی ئەم ڕاپەڕینەوە ساڵێکی نوێ و بەهارێکی نوێیان بۆهاتەوە , ئەویش لەڕێگەی بەخشینی خوێنی لاوەکان بووە , کەمەبەستی ئەو شەهیدو بریندارانەی ڕۆژانی (٢١تا٢٧)ی مانگی یەک لەبەغداو لەسەر پردی مەئمون خوێنیان ڕژا , وەک دەڵێت:

**ئەو ڕەنگە سوورە بوو ، کە لە ئاسۆی بڵندی کورد**

**مژدەی بەیانی ، بۆ گەلی دوورو نزیک ئەبرد**

**نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە**

**لاوان بەعشق ئەچوون , بەرەو پیری مەرگەوە**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەوا ڕۆژهەڵات ، لە بەندەری بەرزی وڵاتەوە**

**خوێنی شەهیدە ، بەڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە**

**تا ئێستا ڕووی نەداوە ، لە تەئریخی میللەتا**

**قەڵغانی گول لە سنگی کچان بێ ، لە هەڵمەتا [ئاشنا , ٢٠٠١ , ١٥٢]**

شاعیر لەم دێرانەدا بەڕوونی ئاماژە بەو خۆپیشاندانانەی شاری بەغدادا دەکات , کە چۆن بە پیاوو ژنەوە بەرەو ڕووی پیاوانی پۆلیس ودەسەڵاتدارانی ئەوکاتدا دەچن وسینگی خۆیان دەدەنەبەر گوللەی مەترەلۆزی پۆلیسەکان و دەبێتەهۆی شەهیدبوونی کۆمەڵێک لەخۆپیشاندەران , بەتایبەتی ئەو ژنەی کە لەسەر پردەکە کراسەکەی سەرسینگی خۆی دادڕی و ڕووی لە دوژمنەکانی کردوو هاواری کرد: ئەوە سینگی من وگوللەی ئێوە , پاشان بووەهۆی پێکانی ئەویش[ئاسنگەر ,١٩٩٣ , ٣] , بەلای شاعیرەوە ئەم وێنەیەو ڕووداوە پێشتر لە مێژووی هیچ میللەتێکدا ڕووی نەداوە , بۆیە هاوار دەکات و دەڵێت :

**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن ، شیوەن وگرین**

**نامرن ئەوانە , وا لەدڵی میللەتا ئەژین [ئاشنا , ٢٠٠١ , ١٥٢]**

واتە: ئێوە شیوەن گریان و فیغان بۆ کێ دەکەن ؟ خۆ ئەوانە نەمردوون تاکو شیوەن و گریانیان بۆ هەڵبەستن , ئەوانە زیندوون و نەمرن و هەتاهەتایە لەناو دڵی میللەتدا دەمێنن , واتە ئێوە شانازی یان پێوە بکەن , نەک شیوەنیان بۆ بکەن , ئەمەش جۆرێکە لەهاندان و جۆشدانی خەڵک و میللەت , بەوەی کە ئازادی بە خەبات و تێکۆشان و خوێن ڕشتن نەبێت هەرگیز بەدەست نایەت .

**٢: گۆران ( ١٩٠٤- ١٩٦٢) :**

عەبدوڵڵا گۆرانی شاعیر یەکێکە لەو کوردە ناودارانەی کە: بە شیعرو بە کردار ڕۆڵی لەم ڕاپەڕینەدا هەبووەو بەهۆی هەڵسوکەوتە سیاسیەکانیەوە ڕێی کەوتووەتە زیندانەکانی کەرکوک و ئەبوغرێب و نوگرەی سەلمان و لەئەنجامدا تووشی چەندین ئازارو ئەشکەنجە بووە , بە شیعریشەوە ئەو نەهامەتی و ناسۆریانەی خۆی دەربڕیوەو لە چەندین شیعردا ئاماژەیانی پێکردووە , بە تایبەتی ئەو شیعرەی بە ناوی (گەڕانەوە لە زیندان)(٩)[مەلا کەریم ,١٩٨٠ , ٤٤٠] , کە بەهۆی ئەو ڕاپەڕینەو ئەو ڕۆڵەی لە ڕیزەکانی حیزبی تەحەڕوڕ(شیوعی عێراق)یدا هەیبووە گیراوەو ماوەی سێ ساڵ زیندانی کراوە , لە دوای ڕاپەڕینەکەش شاعیر بەردەوام بووە لە دەربڕینی هەڵوێستەکانی و بە وشەی کاریگەرو جەرگبڕ یادی ڕاپەڕینەکەی کردووەتەوە , وەک دەبینین بە وەرگێڕانی شیعرێکی شاعیری گەورەی عەرەب (محەمەد مەهدی جەواهیری ١٨٩٩-١٩٩٧) , کە بۆ یەکێک لە شەهیدو سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە بەناوی (قەیس ئالوسی)بووە گوتراوە ، شاعیر یادی ئەم ڕاپەڕینەی کردووەتەوەو هەوڵیداوە ڕۆڵی شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی ئەم ڕاپەڕینە زیندوو بکاتەوەو بەهۆیەوە هاوهەڵوێستی خۆی بۆ نشتیمانیان دووپات بکاتەوە , شیعرەکەشی بەناوی (قەیسی شەهید)ە , شاعیر لەپێشەوەی شیعرەکە ئاماژەی بۆ ئەو شەهیدە کردووە کە چۆن شەهید کراوە , وەک دەڵێت: (( قەیس ئالووسی پاڵەوانە بچکۆڵەیەکی ئەم نیشتیمانەبوو , لەهەرای سەر پردی قەڵەمبازی نیشتیمانیی عیراقدا (٢٧ی کانوونی دووەمی١٩٤٨) شەهیدکرا , لەکاتی خۆیدا مامۆستا محەمەد مەهدی جەواهیری شاعیری بەناوبانگی عەرەب ئەم شیوەنە بەسۆزەی بۆ هەڵبەستبوو(١٠)، وا کردمان بەکوردی))[مەلا کەریم ,١٩٨٠ , ٤٥٠] , گۆران لە سەرەتای شیعرەکەدا بەم دێرانە دەستپێ دەکات:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەی قەیس .. ئەی چپەی نازدار ,　　نەرمێک لە گوێی دڵدار ئەدەی**

**ئەی قەیس .. ئەی گۆرانیی شوان　　هەوای مێرگ سەر شەپۆڵ ئەخەی ،**

**ئەی قەیس .. ئەی دەنگی بلبل ،　　چڵا ئەخەیتە لەرەی هەی هەی!**

شاعیر لەم دێرانەدا بەردەوام دەبێت لە پێدا هەڵدانی شەهیدو چواندنی بە کۆمەڵێک شتی جوان و کاریگەرو بەهادار , وەک تیایدا هاتووەو دەڵێت:

**ئەی قەیس.. ئەی خەوێک ، پەری　　بۆناو جێی بێ قەرار ئەبەی!**

**ئەی قەیس .. ئەی شیلەی جوانی ،　　ئەتکێیتە ناو فنجانی مەی!**

**ئەی قەیس .. ئەی ئاوازەی ژین!　　لەرەی هیوای ناودەنگی نەی!**

لە سەرەتای کۆپلەی سێیەمیشدا کە کۆپلەی کۆتاییتی , شاعیر دێتەسەر ئاماژەکردن بە ڕۆڵی شەهیدو ڕاستەوخۆ ئامانجی ڕاپەڕینەکەو ئەو ئەنجامەی بەهۆیەوە بەدەستهاتووە دەخاتەڕوو , وەک دەڵێت :

**ئەی قەیس.. ئەی ڕۆڵەی شەهید!　　بەخوێنی گەش پڕ بەرامەی!**

**ئەو کفنە ئاڵەت هۆی بەخە　　بۆ نیشانێک تۆی نەوەی !**

تادەگاتە کۆتایی ودەڵێت:

**ئەی قەیس.. بۆ خەباتی گەل　　جوانەمەرگترین نیشانەی!**

**تۆڵەی خوێنت لە ستەمکار　گەل ئەیسێنێ ، ئەمڕۆ، سبەی[گۆران , ٢٠٠٦ , ٤٥٢]**

مەبەستی شاعیر لەم دێرانەدا ئەوەیە کە , دەیەوێت پێمان بڵێت : خەباتی گەل نەپساوەیە , شەهیدبوون نیشانەی جوامێرییەو هیوای سەرکەوتنە , بەڵام گەل لە کۆتاییدا هەر دەبێ تۆڵەی خوێنی شەهیدان بستێنێ , ئەگەر ئەمڕۆش نەبێت سبەی هەر ڕوو دەدات .

**٣: بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨) :**

فایەق بێکەسی شاعیر وەک هەموو ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی گەلەکەی , لەبابەتی بەشداریکردن لە ڕاپەڕینەکانی شاری سلێمانیدا , یەکێک بووە لە ڕابەرانی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتییانەی لە سەردەمی حوکمڕانی پاشایەتیدا ئەنجامدراوە , وەک ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی بەردەرکی سەرای ساڵی (١٩٣٠) , کە بووەهۆی گرتن و زینیدانیکردنی و ئەنجامەکەی شیعری (ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم)ی لێهاتەکایەوە , هەروەها لە چالاکییەکانی پاشتریشدا ڕۆڵی دیاری هەبووە , وەک : کاریگەری ڕاپەڕینەکەی کانوونی دووەمی (١٩٤٨) لە بێکەسی نەمردا لەپارچە شیعری (داری ئازادی)دا[(١١)] بەدیاردەکەوێ , ئەو شیعرەش بە یەکێک لە پارچە شیعرە پڕ لە سۆزو دڵهەژانەکانی خەبات دادەنرێت ، شاعیر تیایدا کووڵی دڵی پڕ ئەسرین و خوێنینی خۆی لە دژی دوژمندا هەڵدەرێژێ و دەڵێت:

**داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەد بەرناگرێ**

**سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ**

**پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەقی لە مردن سڵ نەکا**

**هەر (بڕووخێ) بەس نییە تاکو نەسەندرێ نادرێ [مەلا کەریم , ٢٠٠٨ , ٨٤]**

شاعیر پێمان دەڵێ: گەر دەتەوێ سەربەست و ئازاد بژی دەبێ هەوڵ و خەبات و تێکۆشان بکەیتە ڕێڕەوی ژیانت , چونکە بەبێ کۆڵنەدان وئازارچەشتن نایەتەدی بەڵکو هەندێجار خوێن ڕشتن و فیدا کاریشی دەوێ , واتە لەمردن نەترسێیت , چونکە تەنها بەهاتو هاوارو دەنگ لێ هەڵبرین ماف نادرێ , مەبەستی شاعیر بیرهێنانەوەی


e-ISSN (2522-7130)　p-ISSN (2410-1036)

خەڵکەکەیە لە خۆپیشاندانە خوێناوییەی سەر پردی مەئموون , کە بووە هۆی شەهیدکردنی کۆمەڵە کەسێک , یان دەڵێ : هەر میللەتێک ویست و ئیرادەی سەربەخۆیی هەبێت , دڵنیابێت هەردەستی دەکەوێت , بەڵام دەبێ شۆڕش و ڕاپەڕینی بۆبکا , مەبەستی ڕاپەرینەکەی کانوونی دووەمی (١٩٤٨)ە , وەک چۆن بووەهۆی ڕووخانی حکوومەتەکەی ساڵح جەبر , کە دەڵێت :

**کورد ئەگەر چی موددەتێکە دیل داماوە ، بەڵام**

**باوەرت بێ ڕۆحی میللی هەر ئەمێنێ ، نامرێ**

**لێت موحەققەق بێ بەبێ شۆڕش مەحاڵە ناکرێ**

**بیری ئازادی جیهانی گرتەوە، تو خوا بەسە**

**قەد مەڵێن دوژمن بەهێزە، تۆپ و تەیارەی هەیە**

**ئیتفاقتان گەر هەبێ زۆر زەحمەتە خۆی ڕاگرێ** [مەلا کەریم , ٢٠٠٨ , ٨٤]

لە کۆتایی شیعرەکەشدا شاعیر ئەنجامی ڕاپەڕینەکەو ئەو هاو هەڵوێستییەی لەنێوان هەردوو میللەتی کوردو عەرەب لەو سەردەمەدا هەبوو کە ئیتیفاقی نێوانیان بووە , بووە مایەی سەرکەوتن و بەدەست هێنانی ئامانجەکانی ئەو ڕاپەڕینە گەورەیە , وەک لەکۆتاییدا دەڵێت :

**وا گلۆڵەی کەوتە لێژی ، باوی ئیستعمار نەما**

**هیچ کەسێ بە زورناو تەپڵی ئەو هەڵناپەڕێ**

**دۆستی کوردو عەرەب زۆر کۆنە، تەئریخ شاهیدە**

**ناحەزی ڕوو ڕەش لەداخا با یەخەی خۆي دادڕێ** [مەلا کەریم , ٢٠٠٨ , ٨٤]

لەم شیعرەی شاعیردا , بەتایبەتی کە لەدوا دێڕەکاندا دەردەکەوێت , ڕاپەڕینی وەسبەی (١٩٤٨) کاری لە دەروونی هەموو کوردێکدا کردووە , لەناویشیاندا بێکەسی شاعیر , چونکە بە جۆرێ متمانەی بەئەنجام بەخشینی خەبات پێ پەیداکردووە , تەنانەت هەندێجار کەوتوەتە زیادەڕەوی و هەڵەشەوە، ئەمەش وایکرد ئەم ڕووداوە ببێتە هەوێنی شیعرێکی ئەوەندە بەرزو بەهێزو کاریگەر , کە تا ئەمڕۆش لە ئاوەزماندا دەگەوزێت و بووەتە وێردی سەر زمانی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە .

**<u>٤: بەختیار زێوەر (١٩٠٨- ١٩٥٢):</u>**

بەختیار زێوەر کوری زێوەری شاعیری گەورەی کوردیش , وەک شاعیرانی تری کوردو هاودەمی خۆی لەیادی ئاهەنگی نەوڕۆزی ساڵی (١٩٤٨)و پاشان لەچلەی ڕاپەڕینەکەدا ، هاتووە بەدوو شیعری پڕ هەست وسۆزو کاریگەر بەناوی (میللەتێک)و (نەورۆز) یادی ئەم ڕاپەڕینە دەکاتەوەو تیایدا ڕۆڵی گەل لە خەباتی بێوچانی چینی جوتیارو هەژارو کۆڵنەدەراندا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە , وەک دەڵێت :

**میللەتێک هیوای بەرزی ژیان بێ　　　تێنووی ئازادی و دیلی زەمان بێ**

**بەندی و هەژاری زۆر لا گران بێ　　　هێزی مەردانەی کە هاتە گەردش**

**وەک ئەتۆم زەمین دێنێتە جونبوش**

**میللەتێک زۆربەی نەخوێندەوار بێ　　　چەوساوەی دەستی سەرمایەداربێ**

**جەرگ هەڵکزاوی ئاگری زۆردار بێ　　　کە جولایەوە وا خۆی ئەنوێنێ**


e-ISSN (2522-7130)　　　p-ISSN (2410-1036)

**کە تۆڵەی ڕۆژی ڕەشی بستێنێ**

**میللەتێک نەوەی کاوەی ئازابێ بۆ سەرکەوتنی خۆی دڵنیابێ**

**بۆ ژیانیشی دڵ پڕ هیوا بێ زۆری پێ ناچێ ئەگاتە ئاوات**

**ئاڵای سەربەستی بەخوێن هەڵ ئەکات [زێوەر, ٢٠٠٣ , ١٠٩-١١٠]**

لەم شیعرەدا شاعیر باس لەو هۆیانە دەکات کە میللەت هان دەدات بۆ خەباتکردن و بەدەست خستنی هیواو ئامانجەکانی ، ئەویش بریتین لە نەهێشتن و نەمانی دیلی و هەژاری و نەخوێندەواری و چەوساندنەوە، چونکە سەرچاوەی نەهامەتیەکانن , ئەو میللەتەی نەوەی کاوەبێ بێ گومان لەدوا ڕۆژدا دەگاتە ئاوات و ئاڵای سەربەستی هەڵدەکات , لە شیعری نەورۆزیشدا , کە بەبۆنەی یادی نەوڕۆزی ساڵی (١٩٤٨)دا گوتراوە , بەهەمان شێوە ئاوڕ لە ڕۆژانی ڕابردووی دەداتەوەو یادی ڕاپەڕینەکەمان بۆ دەکاتەوە , کە بە ڕۆژی ئازادی وسەربەستی دادەنێ و وەک جەژن پیشانمان دەدات و دەڵێت :

**ئەڵێن ئەمڕۆ بەهارە وڵات بووکی نازدارە**

**ڕازاوەی کردگارە دڵخۆشیمان لێ دیارە**

**بڕوانە لاوانی ژیر یەک دڵ وەک هەڵقەی زنجیر**

**ڕۆڵەی نیشتیمانی پیر بە بەرزی وڵات هاو بیر**

**ڕوو لەدەشت وسەیرانن دڵ خۆش و شادمانن**

**چونکە گەنجی مەیدانن ئەمڕۆ بەجەژن ئەزانن**

لە کۆتایی شیعرەکەشیدا شاعیر سوپاسی خوا دەکات , کە ئەمجارەش نەورۆزی بۆ هێناوەتەوەو تیایدا کورد بە ئازادی دەژین و ئاهەنگ و سەیران دەگێرن , چونکە دەبێتەهۆی نەمانی ستەم و زۆرداری و یەکگرتنی هەموو خەڵکی کوردستان , وەک دەڵێت:

**بەڵام سوپاس بۆ یەزدان نەوروزی دیسان ڕەخسان**

**ئێمەش ئەیکەین بە سەیران بۆ کورد و بۆ کوردستان[خەزنەدار, ٢٠٠٦ , ٧٤-٧٥]**

**٥: عەونی (١٩١٤- ١٩٩٢):**

عوسمان عەونی یەکێکە لەو شاعیرە دیارو بەرچاوانەی کە ڕۆڵێکی دیارو کاریگەری لە ڕووداوەکانی ڕۆژانی وەسبەدا هەبووەو بە وشە پڕ لەجۆش وخرۆش و مانا ئاگرینەکانی , جەماوەرو خەڵکیان هانداوە بۆ بەشداریکردن و ڕاپەڕین لە دژی داردەستەی دەسەڵاتدارانی ئەو کات , کە میللەتیان تووشی گێژاوی برسیەتی و گرانی و نەهامەتییەکانی کردبوون , سەرباری چەوساندنەوەو داپڵۆسینی ئازادی , شاعیر بە شیعری (شەهیدان) بەشداری ئەم ڕاپەڕینەی کردووەو هەوڵیداوە دەنگێکی بیستراوو کاریگەری ڕووداوەکان بێت , شاعیر هاوشێوەی پیرەمێردی شاعیر ڕوو لە شەهیدان دەکات وپێیان دەڵێت ئێوە نەمردوون و نامرن , چونکە لەپێناو ئازادی و سەربەستیدا گیانی خۆتان بەختکردووە , وەک دەڵێت:

**ئەی شەهیدانی ڕێگاغ نیشتیمان خۆتان بەخت کرد کران بە قوربان**

**لەڕێی ئازادی و سەربەستی ژیان لەبیر ناچنەوە بە درێژی زەمان**

**مێژوو دەنووسێ یەک یەک ناوتان**

**ئەو دەستەی کەوا خوێنی ڕژاندن ئەو گوللەی کەوا مێشکی پرژاندن**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەو هێزەی هەمووی لەخوێن گەوزاندن    جەرگی هەزاران دایکی سووتاندن**

**باغێکی دانا نەمامی چاندن [عەونی ، ١٩٩٧ ، ٩٩]**

شاعیر لە ڕۆژی چلەی شەهیدانی ڕاپەڕینەکەو لە مزگەوتی گەورەی شاری کۆیەو لە (کەنیشتێ) ی جووەکان ئەم شیعرەی خوێندۆتەوە , کە خەڵکێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و پیاوماقوڵانی شارەکە بەشدارییان تێداکردووە , مەبەستی شاعیر لێرەدا بیرهێنانەوەی خەڵکی شارەکەیە کە هەوڵ وخەبات و تێکۆشان لەپێناو ئازادی وسەربەخۆییدا ئەگەرچی قوربانی وگیانفیداکاری دەوێ , بەڵام ئەوانەی دەبنە قوربانی هەرگیز لەبیری خەڵکدا ناچنەوەو بەزیندوویی دەمێننەوە. ئەمەش گەورەترین ئامانجی مرۆڤە کە هەوڵی بۆ دەدات.

**<u>٦: دڵزار (١٩٢٠- لە ژیان ماوە):</u>**

ئەحمەد دڵزاری شاعیریش وەک کەسێکی تێکۆشەرو خەباتگێر , پاش بەشداریکردن لە خەباتی چینی هەژارو کۆڵنەدەرانداو پاش گرتن و بەندیکردنی لە بەندیخانەکانی (کوت و ئەبوغرێب و کەرکوک و نوگرەت سەلمان) کە چەند ساڵێکی بە نێوچەوانییەوە بوو , هاتووە یادی ئەو ڕاپەڕینەو بەشداریکردنی تێدا بە شیعری (لەبیرەوەری)دا دەخاتەڕوو کاتێک لەناو بەندیخانەی کوت و لە تەمووزی ساڵی (١٩٥٠)دا دەڵێت:

**ئەیٚ شۆڕشی گەورەی ئازادی    وەرگێڕی تاج وبەختی بێ دادی**

**تێک و پێکدەری زیندانی باستیل    سەرفراز کەری جوتیارانی دیل**

**تۆ شادی بەخش و مەینەت ڕەوێنی    قەڵا ڕمێن و گەردن پەڕێنی**

**چرای سەربەستی و گڕی خەباتی    تیشک و پریشکی ڕۆژی نەهاتی**

**نرکەو نەعرەتەی قارەمانانت    جۆش و خرۆشی نەوجەوانانت**

**چۆن (گابریل بیری) و(فەهد)ی قارەمان    خۆیان بەخت کرد لەپێناو ژیان**

**واش لە پاریس و بەغدا بەجارێ    دەستەی زۆرداریان هێنایە خوارێ [دڵزار , ٢٠٠٦ , ٢٢]**

یان لە شیعرێکی تریدا کەبۆ یادی دووەم ساڵەی ڕاپەڕینەکە گوتراوە , شاعیر لەبەندیخانەی کوتدا , جارێکی تر یادی ڕاپەڕینەکەو تێکۆشانی میللەتمان وەبیر دێنێتەوە , کەبووە هۆی ڕووخانی حکومەتەکەی ساڵح جەبرو کۆتایی هێنان بەپەرلەمان وئەو پەیمانەی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بەسترابوو , وەک دەڵێت: **لەم ڕۆژەدا گەلێ ، کە هێرشی خوێنین ئەکا**

**وڵات سەرانسەر دێتە جۆش ، لە کێوی ئاگرین ئەکا**

**وەک شێرە لەپێشا دێتەدەر، بە گورجی ڕاپەڕین ئەکا**

**چ ڕاپەڕین ئەوەی کەوا ، دڵی دوژمن برین ئەکا**

**ئەوەی پەیمان و پەرلەرمان، بەجارێ گۆڕنشین ئەکا**

**جەبر لەجەبری جەبرەکا ، دەستەی تووشی بەزین ئەکا**

لەکۆتاییشدا پێمان دەڵێت: بەم ڕاپەڕینە خەریک بوو ئازادی وسەربەستی و سەربەخۆیی بێتە ئاراوەو لە نەمانی خائینان و بێگانە پەرستان ڕزگارمان ببێت , وەک دەڵێت :

**نزیک بوو دەست گولا بگاتە شاگوڵی چڵی ژیان**

**خەریک بوو داری سەربەخۆیی بێتەبەر لەنیشتیمان**


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

**بچەسپێ کۆمەڵەکەی ژیانی میللەتێکی کامەران**

**بەسەرچێ سات و ساردەمی تەمی خەوی ڕۆژو ژیان**

**بچێ بەجارێ وەرگەرێ تەخت و تەلاری خوێنمژان [دلزار, ٢٠٠٦ , ٢٢-٢٣]**

**٧: ئەحمەد هەردی (١٩٢٢-٢٠٠٦) :**

ئەحمەد حەسەن بەگ کوری عەزیز بەگ ناسراو بە هەردی , وەک زۆربەی شاعیرانی سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهان , دەستی داوەتە کاری سیاسی و لە ڕێزی حیزبی شیوعی عێراق بەردەوامی بە خەباتی چینی کرێکارو جوتیاران داوە , هەردی شاعیرێکی هەست ناسکی دڵگەرم و پڕ لە ئازادی بووە , یەکێکە لەو شاعیرانەی ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەری لە خەباتی سیاسی ناوچەکەدا هەبووەو شیعرە ئاگرینەکانی بووەتە سروودی نیشتمانی وتا چەندین ساڵ وەک سرووەدی ئازادیخوازان هەژمارکراوە , لە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتیەکاندا سەرقافڵەی ئەو شیعرانەبووە کە دەگوترانەوە , وەک دەڵێت:

**ئازادی خوای کوردین ئێمە شوورەی پۆڵاو بەردین ئێمە**

**پشتی جوتیاری زەبوونین ئاڵای بەرزی چون یەک بوونین**

**شیری دەستی لێقەوماوین لەڕووی زوڵما هەڵکشاوین[خەزنەدار, ٢٠٠٦ , ٤٤٣]**

لە ڕۆژانی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانیشدا هەردی ڕۆڵی ڕابەرو پێشەوای بینیوە بەوەی کەهانی جوتیارو کرێکاران دەدات بۆ هێرش بردنەسەر دوژمنان وداوای تێکدانی تەخت وتاراجیان لێ دەکات کە دەڵێت:

**کوڕانی ڕۆژی مەیدانی شەڕو ئاشوب و ئاژاوە**

**براکانم! کرێکاری هەموو ئەم لانە ڕووخاوە**

**هەموو دایکێ کە تاقانەی لەسەر سێدارە خنکاوە**

یان دەڵێت : **هەموو پڕ بەدەم بقیژێنن کە ئیستیعماری ئینگلیزی**

**بڕووخێ تەفرو تونا بێ سەرو فەساڵی نەگریسی**

**بڕووخێ تەخت و تاراجی بتۆپێ نۆکەری پیسی[خەزنەدار , ٢٠٠٦ , ٤٤٤]**

شاعیر بڕوای وایە کە هەر کرێکارانن دەتوانن بەرامبەر دوژمن بوەستنەوەو تەخت و تاراجیان تێک بشکێنن , مەبەستی شاعیر لە دوژمنی ئەوکات , ئیستیعماری ئینگلیزو فەرمانڕەوایانی عێراقن وەک نۆکەرو خۆفرۆشی وڵات وگەل سەیرکراون , بۆیە لە شیعرێکی تردا داوا لەخەڵکی ڕاپەریو دەکا هێرش و هەڵمەت بەرن بۆسەر دوژمنان و ئاگری شۆڕش هەڵبگیرسێنن , وەک دەڵێت :

**بەیادی ئەو شەهیدانەی کەوا بێ نازو بێ گیانن**

**لەژێر پۆستاڵی پۆلیسا هەموو پێخوستی کۆڵانن**

**بەیادی ئەو هەتیوانەی کە برسی و ڕووتو عوریانن**

**بەیادی ئەو پڵینگانەی کە دیلی کۆنی زیندانن**

**وەرن ئەی میللەتی برسی ئیتر وا ڕۆژی مەیدانە**

**بچینە سەر تەلارو کۆشکی ئەو میللەت فرۆشانە**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**کە خوێنی ئێمەیان بەخشی بەپارەو زێری بێگانە [خەزنەدار , ٢٠٠٦ , ٤٤٥]**

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ خۆپیشاندانەکانی شاری بەغدا , بە تایبەتی ئەو ڕۆژەی کە لەسەر پردی مەئموون ئەنجام دراو بووە هۆی شەهیدبوونی کۆمەڵێک لە خەڵکەکەو دواتر ڕووخانی حکومەتەکە .

**٨- عوسمان خۆشناو (١٩٢٦- لە ژیان ماوە) (١٣)**

عوسمان مستەفا خۆشناوی شاعیریش وەک زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە , بەهۆی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کانوونی دووەمی (١٩٤٨)و ئەو ڕووداوانەی بەدوایدا هاتن , کەوتووەتە جۆش وخرۆش و بەم شیعرەی خوارەوە کە بەناوی (ڕەوڕەوەی تاریخ)ە , بەشداری لە ڕاپەڕینەکەو ئەو نەهامەتیانەی بە دوایدا هاتوون کردووە , ئەمەش کاتێک کە لیژنەی مەحەللی کەرکوکی حیزبی شیوعی عیراق یادەوەری گێڕانی چلەی ماتەمینی شەهیدانی بەغدایان لە ڕۆژی (پێنجی مارتی١٩٤٨) لەسینەمای عەلەمێن لە شاری کەرکوکدا کردووەتەوە , شاعیر لەو میهرەجانەدا زۆر بە ڕێکوپێکی کالای بەقەد بالای ئەو ڕۆژگارو سەردەمەدا بڕیوەو وێنەی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ دەکێشێ.[عبدالرحمن , ٢٠٠٦ , ١٥٩] , وەک دەڵێت:

**دەوری خوێن ڕێژی وستەم ، جەندرمە بوو جەللادی گەل**

**ناڵەی ڕەشاش بوو لەباتی خوێندنی ئینسان و مەل**

**گوڵی خوێناوی شەهیدان بوو کە ڕژیین بێ ئەجەل**

**هێزی میللی بوو لەهەر لا کەوتە گەڵا قافەی ئەمەل**

**تێکرا هاواریان ئەکرد بۆ پێشەوە بۆ پێشەوە**

**ڕەوڕەوەی تاریخ بە جەبری (جەبر)ی ناوەستێتەوە[خۆشناو , ١٩٩٩ , ٧١]**

شاعیر باسی ڕۆژی (٢٧ی مانگی یەک)مان بۆدەکات , کە چۆن خوێنمژو جەللادەکانی گەل دەستیان بەخوێنی شەهیدان سووربووە , ئەم ڕۆژەش وەک هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی تر بە ڕۆژێکی ڕەش لە مێژووی گەلانی عیراقدا هەژماردەکرێت و بەردەوامیش دەبێت , چونکە هیچ هێزو دەسەڵاتێکی زۆردار ناتوانێت ڕەورەوەی مێژوو بوەستێنێت و دژی داخوازییەکانی گەل و نیشتمان بووەستێتەوە , ئەمەش هیواو ئاواتی گەلانی عێراق بوو , کەکۆتایی بە زۆردارو خوێنمژانی ئەوکات بهێنن ,کەدەڵێت:

**دەوری ئیرهابی هەتا ئێستاکە هەرنەپسایەوە**

**گرتن و گوشتن لەلایەن دوژمنان نەبڕایەوە**

**هێزی فاشستی لەسەر تەختی وەزارەت مایەوە**

**میللەتی بەرزو نەبەز دیسان لەبۆسەی دایەوە**

**تێکڕا هاواریان ئەکرد بۆ پێشەوە بۆ پێشەوە**

**ڕەوڕەوەی تاریخ بە جەبری (جەبر)ی ناوەستێتەوە[خۆشناو , ١٩٩٩ , ٧٢]**

ئەم دەربڕینانەی شاعیر لێرەدا نیشانەی تەقینەوەی هەست وسۆزیەتی بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی عیراق , بەتایبەتی ساڵح جەبری سەرۆک وەزیران , شاعیر ئەم شیعرەی بەدەنگی خۆی و لەپێش هەزاران کەس خوێندۆتەوە، هەروەها جارێکی ترو لەبەر دەرکی سەرای کۆنی سلێمانی و بۆ هەمان بۆنە لەلایەن شاعیر(کاکەی فەللاح)دا خوێندراوەتەوە، ئەگەرچی ئەم شیعرە لە کۆیەو هەولێرو شارۆچکەکانی تری کوردستان بەهەمان بۆنە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خوێندراوەتەوەو بەکاسێت لەچاپخانەکانیش لێدراون , بەڵام نەبووەتە سرودی نیشتمانی و وێردی سەر زوبانی دڵسۆزان و خەمخۆرانی میللەتی کورد .

## ئەنجام

لەپاش خستنە رووی لایەنە پێویستییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتمە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- راپەڕینی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٤٨ یەکێکە لەو راپەڕینە جەماوەرییەی عێراق , کە هەر تەنیا شاری بەغدای نەگرتەوە , بەڵکو لەهەموو شارەکانی تری وەک: (هەولێرو سلێمانی و کەرکوک و کۆیێ) خۆپیشاندان و دەربرینی ناڕەزایەتی ئەنجامدران .

٢- جگە لەخەڵکی شاری بەغداو شارەکانی تری عێراق , خەڵکی کوردستانیش , بە گەنج و پیرو لاوەوە لە شارەکانی کوردستان بە لێشاو لەڕێگەی لێژنەو وەفدی حیزبییەوە هاتوونەتە بەغداو بەشداری راستەوخۆی خۆپیشاندانەکانی شاری بەغدایان کردووەو ڕۆڵیان لە ڕێکخستنکانیشدا هەبووە , هەتا کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە چەندین کەسیان لێ شەهیدو برینداریش ببێت .

٣- شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد بەهۆی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی تیایدا بوونە , کارێکی ئاساییە ئەگەر رابەرو سەرقافلەی راپەڕین و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ئەو سەردەمە بووبن , چونکە بەشداری و ڕۆڵی گرنگ و چالاکیان لەو راپەڕینەدا هەبووە , بەوەی توانیویانە کاریگەرییان لەسەر خەڵکی کوردستاندا هەبێت و هانی خەڵکیان داوە بۆ بێدەن نەبوون لە مافە ڕەواکانیان .

٤- شاعیرانی کوردی وەک : (پیرەمێردو گۆران و بێکەس و هەردی و دیلان و کاکەی فەللاح و فائق زێوەرو مەدهۆش و عەونی و دڵدارو دڵزارو سالح هەژارو عەلی فەتاح دزەیی)و چەندین شاعیری تر لەپاڵ شاعیرە عەرەبەکانی وەک: (محەمەد مەهدی جەواهیری و محەمەد بەحرولعلوم و عەبدولوەهاب بەیاتی) بەهەمان شێوە توانیویانە بەهۆی شیعرەکانیانەوە هانی خەڵک بدەن و جۆش وخرۆشی بخەنە دڵی خەڵکەوە , بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی راپەڕینەکە .

٥- شاعیرانی کورد هەر تەنها بە شیعر نووسین و هاندانی خەڵک بەشدارییان لەم راپەڕینەدا نەکردووە , بەڵکو هاتوون راستەوخۆ لەناو ریزی خۆپیشاندەرانداو هەندێکجاریش لە پێشەوەی جەماوەردا ناڕەزایەتییان دەربڕیوەو بوونەتە هۆی جۆش و خرۆشدانی میللەتەکەیان , بۆیە لەپاش کۆتایی هاتنی راپەڕینەکەو گۆڕانی بارودۆخی سیاسی عیراق , شاعیران هەر هەموویان خۆیان لە زیندان و بەندیخانەکانی حکومەتی ئەوسادا بینییەوەو بە چەندین ساڵ زیندانی باجی ئەو بەشداریکردن و هاندانەی خەڵکیان داوە , کە ماوەی زیندانی هەندێکیان لە نێوان ساڵ و نیوێک بۆ پێنج ساڵ و هی هەندێکی تریشیان بۆ دە ساڵیش درێژەی کێشاوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پەراوێزەكان**

١ : پەیماننامەی پۆرسمۆث ئەو پەیماننامەیەیە كە نوێنەری حكومەتی عێراق (ساڵح جەبر- سەرۆك وەزیران) و (ئارنست بێگن- وەزیری دەرەوەی بەریتانیا) لە ڕۆژی١٩٤٨/١/١٥ لە بەندەری پۆرتسمۆث لەسەر دەریای مانش مۆریان كرد , بۆیە بەو ناوەش ناوزەد كراوە [العمر , ١٩٧٧ , ٣٧٧- ٤٤٣] .

٢ : محەمەد ساڵح جەبر , لەساڵی (١٨٩٥) لەناسریە لەدایك بووە , لە خوێندنگای ڕەشیدیە خوێندوویەتی , پاشان چووەتە خوێندنگەی جەعفەریە لەبەغدا , زمانی ئینگلیزی خوێندووە ئینجا چۆتە خوێندنگای یاساو ساڵی(١٩٣١) دەرچووە , پاشان لە دامودەزگاكانی میری كاریكردووەو پلەی زۆری وەرگرتووە , لە٦ی حوزەیرانی (١٩٥٧) لەبەغدا كۆچی دوایی كردووە[حەمەدەمین , ٢٠١٠ , ١٥٠].

٣ : لە بارەی ناوەڕۆكی ئەو پەیماننامەیەو دەقەكانی , بڕوانە: [الحسني , ١٩٨٨ , ٢٣٣-٢٣٩]

٤ : پردی مەئموون ئەو پردەیە كە , لە ڕۆژی٢٧ی یەكی١٩٤٨دا خۆپیشاندانە جەماوەرییەكەی لەسەر ئەنجامدراو بووە هۆی شەڕێكی خوێناوی و شەهیدكردنی زۆر لەخۆپیشاندەران , بەهۆی ئەو شەڕەوەش ناوەكەی گۆڕاو بووە پردی شەهیدان[ئەحمەد ,١٩٧١ , ١٤] ,[باغي ,١٩٧٩ ,٧٢] ,[ئاسنگەر , ١٩٩٣ , ٣].

٥ : لە بارەی ئەو كەسانەی لەو ڕۆژەدا شەهیدبوون , بڕوانە:[نوری , ١٩٧٨ , ٦] ,[ئەحمەد , ٢٠٠١ , ٣٨٧].

٦ : بۆ ڕۆڵی گەنج و لاوانی شاری هەولێر لە خۆپیشاندانەكانی ناو شاردا , شێخەشەل كە یەكێك بوو لە ڕێكخەرانی , بۆی گێڕامەوەو گوتی: ئەو شیعارانەی لەخۆپیشاندانەكاندا دەمانگوت ئەمانە بوون :

**(چیتان دەوێ ئازادی .. چیتان دەوێ سەربەستی) (چیتان دەوێ ئازادی... با نەمێنێ برسیەتی) (ساڵح جەبر قۆندەرە.. نوری سەعید قەیتانە)**واتە قۆندەرەو قەیتان بێیەك نابن [كاروانی , ٢٠٠٤ , ٤٣]

, ئەمە سەربارى ئەوەی كە هەندێكجار هەر بە ناوی شێخە شەلیشەوە شیعاریان لێداوە , وەك :

**بژی گەل ڕۆلە ی گەل مام ڕەحمان و شێخەشەل**

٧ : ئیسماعیل عەبدوللا كەبە سمەی عالالای ناسراوبوو , وەك یەكێك لەو كەسانەی ڕۆڵی لە ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەكانی هەولێردا هەبوو , خۆی كەسێكی نەخوێندەوار بوو , بەڵام بەسەلیقە شاعیر بوو , بۆی گێڕامەوەو گوتی: لە خۆپیشاندانەكاندا ئەو شیعرانەم گووتووە , كە خۆم دامناوون:

**ئاغامان ناوێ گەنم دابكا ... میللەتی برسیش هەر هاوار بكا**

یان: **ساڵح جەبر بوو پەیمانی دانا... بەتەیارە چوو وەك سەگی زانا**

**بۆ ڕیش تراشین چوو نەی زانی... سەرو سمێڵیشی لەسەر دانا[كاروانی , ٢٠٠٤ , ٤٣]**

٨: مامۆستا (محەمەد ڕەسول هاوار) لە كتێبی (پیرەمێردی نەمر)دا لەبارەی هۆی نووسینی ئەم شیعرەی نەورۆزو چۆنیەتی دانانی و بەشداریكردنی شاعیر لەو سەروبەندەدا نووسیویەتی ( لەبیرم دێ دەمەو كاتی عەسربوو لەشاری سلێمانی، وابزانم ساڵی (١٩٤٨)بوو، لاوان بە كوڕو كچەوە بەناو شاری سلێمانیدا بە شەقامەكاندا خۆپیشاندانێكی گەورەیان نواند...، ئەو ڕۆژانە ڕۆژەكانی ڕاپەڕین بوو، وەكو هەموو شوێنەكانی تری عێراق...، لەوكاتەدا پیرەمێرد لەبەر دەركی سەرا ڕاوەستابوو سەیری لاوانی دەكرد...، لەدواییدا بیستم كەشەو دایەت و میوانەكانی قەلەندەرخانە گرت ئەبنەوە پیرەمێرد ئەڵێ جەمیل (نیازی لە جەمیل سائیبی خوشكەزایەتی) كچ ولاوەكانی ئەمرۆت دیت , ئەویش ئەڵێ بەڵێ خاڵە ، پیرەمێرد دەڵێ ، گوێ بگرە ئەم هەڵبەستەم پێشكەش بەوانە

, مەبەستی (ئەم ڕۆژی سالی تازەیە نەورۆزە هاتەوە)یە , کە دوایی لەیادی نەورۆزدا بلاوکرایەوە[هاوار ,١٩٧١ , ١١٧].

٩: گۆران لەم شیعرەدا هەلویستی بوێرانەو مەردانەی لەخەبات و تێکۆشاندا نیشان دەدات و کاریگەری ئازارو ئەشکەنجەی لەلا گرنگ نیەو دەیەوێت بلێت : دەبێ مرۆڤ سل نەکاو نەترسێت لە بەندو زنجیرو سارد نەبێتەوە لە کۆلنەدان , چونکە کۆتاییەکەی ئازادی و بەدیهێنانی مافەکانە , وەک دەلێت :

**دەرچووم دەرچووم بەندم پسان لەگەل هاوڕێ و برادەران**

**هاتینەوە دەر لە زیندان دل پڕ لە کینەی زۆرداران**

لە کۆتایدا دەلێت : **ئەقیرێنین : بژی خەبات , ڕۆیشت دیلی , ئازادی هات**

**ئەی گەلانی ئازاو بەزات , هەنگاو بنێن بەرەو ئاوات![مەلا کەریم ,١٩٨٠ , ٤٤١]**

١٠ : (محمد مهدي الجواهيري ١٨٩٩-١٩٩٧) یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی عەرەب وعیراق , لە کاتی گەیشتنی بۆ سەرگۆڕی شەهیدەکان بە تایبەتی جەعفەر)ی برای , ئەم شیعرەی بەسەر شەهیدەکان خوێندەوەو دەلێت: **قف باحداث (الضحایا) لاتسد فوقها دوما: ولا تبك ارتجالا**

**لاتزال عضد(الرجولات) التي تكره الضعف و تأبى الاغلالا [قادر , ٢٠٠٥ ,٢٧٠]**

١١: شاعیرو نووسەرو نیشتمانپەروەری کورد ڕەمزی مەلا مارفیش بەهەمان شێوەی بێکەس هاتووە هەمان شیعری بە هەمان کێش و سەرواوە هۆنیوەتەوەو ئیلهامی لێوەرگرتووە , وەک دەلێت :

**تا فیداکاری نەکەی ناوت بە بەرزی نابرێ**

**تا لەمال وسەر نەبووری سەروەریت پێ نادرێ**

**ڕۆح هەتا نەیخەیتە سەردەست وبەرەو مردن نەڕۆی**

**ئەی برا ناوێکی مێژوویت بەحەق پێ نابرێ**

**تا بەخوێنی ئالوگەش چەن دەفعەیێ ئاوی نەدەیت**

**نەونەمامی باغی ئازادی ئەبەد بەر ناگرێ [خەزنەدار ,٢٠٠٦ , ٥١٦]**

شاعیر بەهەمان شێوەی بێکەسی شاعیر ئامۆژگاری گەنجان ولاوانی میللەت دەکات و دەلێت : گەر دەتانەوێ ناوتان بکەوێتە ناوناوان و وەک میللەتانی تر بەسەربەستی بژین , دەبێ گیان ومال و ڕۆحی خۆتان بە قوربانی ئەم خاکە بکەن , چونکە داری ئازادی هەروا بە ئاسایی شین نابێ و بەر ناگرێ.

١٢: شاعیر سالی (١٩٢٦) لە کۆیە لە دایک بووە , لە سالانی جەنگی دووەمی جیهانی چووەتە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی و سالی (١٩٤٧) بەمالەوە گواستیویەتەوە کەرکوک , سالی (١٩٤٩) لەئەنجامی چالاکیەکانیەوە لەلایەن هۆبەی لێکۆلینەوەی تاوانەکان و لەئەنجامی بەشداری کردنی لەراپەرینەکەی کانوونی دووەم لەشاری کەرکوک دەستگیرکراوەو تاسالی (١٩٥٨) لە زینداندا ماوەتەوە , ئێستا لەهەولێر دادەنیشێت [مەحموود , ٢٠٠٦ , ١٥٧] .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بەزمانی کوردی**

**أ- کتێب:**


١- ئاشنا , ئومێد ، ٢٠٠١ , پیرەمێردو پێداچوونەوەیێکی نوێ بەژیان وبەرهەمەکانی، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.

٢- ئەحمەد، کمال مەزهەر(دکتۆر) ،٢٠١٠ , چەند لاپەرەیەک لەمێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی: عبداللە زەنگەنە چاپی یەکەم ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .

٣- حەمەدئەمین , ئەحمەد ، ٢٠١٠ , چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی نوێ وهاوچەرخی عێراق ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

٤- خۆشناو، عوسمان مستەفا ، ١٩٩٩ , دیوانی مەرگ و لەدایک بوونەوەیەکی نوێ ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر.

٥- خەزنەدار , مارف (دکتۆر)، ٢٠٠٥ , مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .

٦- خەزنەدار , مارف (دکتۆر)، ٢٠٠٦ , مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم ، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .

٧- خەزنەدار , مارف (دکتۆر)، ٢٠٠٦ , مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .

٨- دڵزار ، ئەحمەد ، ١٩٩٨ , پاشکۆی بیرەوەریەکانم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر.

٩- دڵزار ، ئەحمەد , ٢٠٠٦ , دیوانی دڵزار ، چاپی دووەم ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر.

١٠- زێوەر ، مەحموود ، ٢٠٠٨ , دیوانی بەختیار زێوەر ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، هەولێر.

١١- شارەزا ، کەریم ، ٢٠١٣ , کۆیەو شاعیرانی ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر.

١٢- عەونی ، فەرهاد ، ١٩٩٧ , دیوانی عەونی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

١٣- فەیزی ،گۆران سۆران , ٢٠٠٦ ,باری ئەدەبی کوردی شاری هەولێر ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

١٤- قادر، مهدی محەمەد ، ٢٠٠٥ , پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق (١٩٤٥-١٩٥٨) بڵاوکراوەی سەنتەری ستراتیجی کوردستان ، سلێمانی.

١٥-کاروانی , بەکر شاکر, ٢٠٠٤ , عەلی فەتاح دزەیی شاعیرو نووسەر , چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری , هەولێر.

١٦- گۆران ، عەبدوڵلا ، ٢٠٠٦ , دیوانی گۆران ، چاپی چوارەم ، چاپخانەی دالاهۆ , تهران.

١٧- مەلاکەریم ، محەمەدی ، ٢٠٠٨ , دیوانی فایەق بێکەس ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی .

١٨- هاوار , محەمەد ڕەسوڵ , ١٩٧٠ , دیوانی پیرەمێردی , چاپی یەکەم , چاپخانەی (العاني) , بەغدا .



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ب- نامەی ئەکادیمی :**

١٩- طيب , جەمال فتح اللـه , ٢٠٠٥ ,کۆیێ (١٩١٨—١٩٥٨)، نـامەی ماسـتەر کۆلێژی زانسـتە مرۆڤایەتیەکـان، زانکـۆی سلێمانی.

٢٠- عبـدالرحمان، دلشـاد محمـود , ٢٠٠٦ , کەرکـوک (١٩٣٩-١٩٥٨) نـامەی ماسـتەر، کـۆلێژی ئەدەبیـات، زانکـۆی سەلاحەدین.

**ج- ڕۆژنامە**

٢١ — ئەحمەد , کەمال مەزهەر (دکتۆر) , ١٩٧١ , دەربارەی ڕاپەڕینە گەورەکەی کانوونی دووەمی (١٩٤٨) و شوێنی گەلی کورد تیایدا , گۆڤاری برایەتی , ژمارە/١١ , لە شوباتی ١٩٧١.

٢٢- ئاسنگەر , مەجید ,١٩٩٣ , یادی چل وپێنج ساڵەی ڕاپەڕینی کانون , ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ , ژمارە/٣٠ لە ١٩٩٣/١/٢٧.

٢٣شارەزا ،کەریم ,١٩٩٧ , دەوری کورد لەراپەڕینی١٩٤٨ی عێراقدا ، ڕۆژنامەی برایەتی ، ژمارە/٢٢٦٣ لە ١/٢٧.

٢٤- نوری , بهاءالدين ,١٩٧٨ , چەند بیرەوەری یەکی ڕۆژانی ڕابردوو , گۆڤاری بیری نوێ , ژمارە/٢٧٦ لە ١/٢٨.

**دووەم بەزمانی عەرەبی :**

**ا— کتێب :**

٢٥— باغي , اسماعيل أحمد (دكتور) ,١٩٧٩ , دور الحركة الوطنية العراقية (١٩٤١—١٩٥٢) , مطبعة الارشاد , بغداد .

٢٦— الجادرجي , كامل , ١٩٦٠ , سجل الحركة الوطنية ضد معاهدة (جبر— بيغن) ودور الحزب الوطني الديمقراطي فيها مطبعة الاهالي , بغداد .

٢٧— الحسني , عبدالرزاق , ١٩٨٨ , تأريخ الوزارات العراقية, الجزء السابع و الثامن, طبعة/٧, دار الشؤون الثقافية , بغداد .

٢٨— السامرائي , ماجد أحمد ,١٩٨٣ , التيار القومي في الشعر العراقي الحديث(١٩٣٩ — ١٩٦٧) , مطبعة جامعة بغداد , بغداد .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢٩- العمر , فاروق صالح , ١٩٧٩ , المعاهدات العراقية البريطانية وأثرها في السياسة الداخلية (١٩٣٢-١٩٤٨) , مطبعة : دار الحرية للطباعة , بغداد .

٣٠- نوری , بهاءالدين ,١٩٩٥, مذكرات بهاءالدين نوری , طبعة : الثانية , مطبعة جامعة صلاح الدين, اربيل.

**ب- نامەی ئەکادیمی :**

٣١- رسول , اسماعيل شكر , ١٩٩٩ , أربيل (١٩٣٩-١٩٥٨) دراسة تأريخية في الفكر السياسي , رسالة دكتوراه , جامعة صلاح الدين , كلية ألاداب , قسم التأريخ , أربيل .

٣٢- والي , خميس خزام ,١٩٧٩ , وثبة كانون الوطنية في العراق , رسالة ماجستير , جامعة بغداد , كلية القانون والسياسة , بغداد .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ملخص البحث باللغة العربية :

إنتفاضة كانون الثاني سنة (١٩٤٨) وإنعكاساته في شعر شعراء الكورد في كوردستان الجنوبية .

إذا أطلعنا على تأريخ الشعب الكوردي وبحثنا عن المصادر والدلائل الموثوقة التي تتحدث عن وجود و جهود الكورد في البحث عن حقوقهم السياسية والقومية سوف يتضح لنا جلياً : إن أعداء الكورد في جميع الاوقات حاولوا إستخدام الكورد وأرض كوردستان لاغراضهم الدنيئة , ذلك عندما يكون وضعهم السياسي والاقتصادي والعسكري ضعيفاً يحاولون التقرب اليهم و إعتراف بحقوقهم , من خلال الوعود الكاذبة والتي لا تتمثل سوى الحبر على الورق , وعكس ذلك يتغاضون النظر عن هذه الحقوق , و بالمقابل يقومون بإرتكاب مجازر بشعة وعديدة بحق هذا الشعب , ولكن الكورد دائما كانوا يقاومون أعداءهم بشتى الوسائل , ويلجؤون مرات عدة الى الانتفاضات والتظاهرات الجماهيرية كإنتفاضة كانون الثاني (١٩٤٨) , والتي تعتبر واحدة من الانتفاضات الكبيرة والشاملة للشعبين الكوردي والعربي , والتي تركت آثاراً وإنعكاسة كبيرة عليهم من خلال تغير نظام الحكم , ودور شعراء الكورد في هذه الانتفاضة أنعكست في أشعارهم , و هذا يدل على شيئ واحد وهو : ان الشعراء الكورد يعتبرون طبقة مهمة من طبقات المجتمع الكوردي و كانوا دائماً سباقين في الاحداث من خلال سرد أشعارهم بطريقة ثورية , وفي بحثنا هذا سنحاول التطرق الى دور هؤلاء الشعراء الذين عاصروا تلك الحقبة , والذين شاركوا بأشعارهم فعلياً في تلك أحداث , و سبب إختيارنا لهذا الموضوع , يرجع الى قلة التطرق لهذا الموضوع و عدم وجود المعلومات الكافية والمتوفرة حول دور شعراء الكورد في كوردستان الجنوبية في تلك ألانتفاضة , ومحتوى بحثنا هذا : ينقسم الى قسمين , القسم ألاول والمحور الاول : يتحدث عن الظروف السياسية في العراق وكوردستان قبل الانتفاضة و بعدها , وحول الاسباب التي أدت الى إندلاعها , وفي المحور الثاني : نتحدث عن تأثيرات و انعكاسات تلك الانتفاضة على مدن كوردستان والعراق من الناحية السياسية والثقافية , وفي القسم الثاني والتي يعتبر صلب ولب الموضوع , سنتحدث عن الشعراء الذين كانوا لهم دور فعال في هذه الانتفاضة من خلال المشاركة الفعلية فيها كمناضلين و ثوريين , وإما كشعراء قوميين أحيوا ذكرى هذه الانتفاضة من خلال أشعارهم , وأصبحوا قادة و طلائع لتظاهرات شعبنا في تلك الحقبة .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

summary

Reflection of the January 1948 uprising in Iraq in the poetry of the Kurdish poets in southern Kurdistan

Upon having a look back at the history of the Kurdish people and seeking the evidence and sources that show the existence, survival, and struggle of the people for attaining the political and the national rights, it becomes clear to us that the enemy and the invaders have always attempted to exploit the Kurdish people and their land for their own interests . As their military, economic, or political situations had gone into peril, they had sought negotiations and tried to satisfy the people in return of written promises for tiny portion of their rights. However, as soon as they had managed to keep the peril at bay or regained a relatively positive balance, they would once again marginalize the Kurdish people and start over their oppression and slaughter. Nonetheless, the Kurdish people have always managed to survive such tyrannies and cruelty, just as they have occasionally responded with public uprisings. The January 1948 uprising is one such example with a solid impact on the lives of the people and resulted in a change in the governance system. They evident role of the Kurdish poets in such uprisings and its reflection in their poetry is a result of the poets being a vital organ of the society and their active participation in the public events via expressive strong poetic feelings and attitudes. This research is an attempt to discuss such poets and their symbolic as well as literal participation in these events.

The rationale for this is the manifest lack of scholarly work dealing with the role of the Kurdish poets in this uprising in the southern Kurdistan.

The research is divided into two parts. The first part discusses the political situation of Iraq and Kurdistan before and after the uprising in addition to the factors leading to the uprising. It also discusses their impact on the Kurdish and the Iraqi cities. The second part, which is the core of the work, discusses the poets who had a role in uprising, either as a revolutionary hero or as a public or national poets who, through their poetry, kept the memory of the events alive and had become leaders and vanguards of the demonstrations and the protests of their people.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)